## پێشەکی

ئەمە کورتەیەکی '**بەرنامەی یەکسانیی ڕەگەزیی دەزگای پۆلیسی کامبریجشەیەر**'ە ( Cambridgeshire Constabulary's Race Equality Scheme). دەتوانرێت کۆپیی تەواوی بەرنامەکە لەسەر ئینتەرنێت یان لە پۆلیسخانەی ناوچەکەت بەدەست بکەوێت وە یاخود دەتوانرێت داوا بکرێت. کۆپیی ئەم کورتەیە بە چەندین زمان، بە شێوازەکانی تر، بە چاپی پیتی گەورە و لەسەر شریتی دەنگ بەدەست دەکەوێت.

## هاندان و بایەخدان بە یەکسانیی ڕەگەزی

بە گوێرەی '**یاسای پەیوەندیە ڕەگەزیەکانی 2000 - بە دەستکاریەوە** ( Race Relations (Amendment) Act 2000)، هەموو دامودەزگا دەسەڵاتدارە ڕەسمییەکان، لەوانە **دەزگای پۆلیسی کامبریجشەیەر** دەبێت **بەرنامەیەکی یەکسانیی ڕەگەزی** ئامادە بکەن و بڵاو بکەنەوە. بەشێکی بەرنامەکە بریتی دەبێت لە پلانێکی سێ ساڵی، کە تێیدا دەستنیشانی ئەوە دەکرێت کە ئایا ئێمە چۆن نیازمانە بەرەنگاری هەڵسوکەوتی ڕەگەزپەرستانەی دامودەزگاکانی دەوڵەت ببینەوە و، لە کاروبار و خزمەتگوزاریەکانماندا و لە پەیوەندیەکانماندا لەگەڵ کۆمەڵگادا هانی یەکسانیی ڕەگەزی دەدەین.

## بیروباوەڕە بنەڕەتیەکانی ئێمە

ئامانجی **دەزگای پۆلیسی کامبریجشەیەر** بریتیە لە 'خولقاندنی کامبریجشەیەرێکی سەلامەتتر' بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵ. ئامانجی 'یەکەی هەمەجۆری – Diversity Unit'ی ئەم دەزگایە بریتیە لەوەی 'دەسەڵات بە **دەزگای پۆلیسی کامبریجشەیەر** بدات بە نرخ و ڕێزەوە بڕوانێتە هەموو کەسێک و بە هەستیاری و شکۆمەندیەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکات'. بەرنامەکە پێناسەی پابەندبوونی ئێمە دەکات بۆ دڵنیاییکردن لەوەی کە مەسەلەی **یەکسانیی ڕەگەزی** بە شێوەیەکی کاریگەرانە بخرێتە ناو هەموو کار و کردارە سەرەکیەکانمانەوە و بەو پێیە باوەڕ و متمانەی کەمایەتیە ڕەگەزیەکان زیاتر بکەین و زیاتر ببینە خزمەتگوزارییەک کە هەموو کاروبارمان لە پێناوی بایەخدان بە هاوڵاتیان بێت.

## ئەرکە تایبەتی و گشتیەکانی یاسای پەیوەندیە ڕەگەزیەکانی 2000 (بە دەستکاریەوە)

بە پێی یاساکە، **دەزگای پۆلیسی کامبریجشەیەر** دەبێت لە کاروبارەکانیدا پەیڕەو و ڕەچاوی ئەمانە بکات:

- لەناوبردنی جیاوازیکردنی ڕەگەزپەرستانە
- هاندانی یەکسانیی دەرفەتەکان
- هاندانی پەیوەندیی چاکی نێوان گروپە ڕەگەزیە جیاوازەکان

هەروەها **دەزگای پۆلیسی کامبریجشەیەر** بە گوێرەی **یاسای پەیوەندیە ڕەگەزیەکانی 2000** (**بە دەستکاریەوە**) چاودێری لە بەرپرسیاری و ئەرکەکانمان سەبارەت بە ڕێژەی دامەزراندنی کارمەندانی کەمایەتیە ڕەگەزیەکان دەکات.

## ئامانجە ستراتیجیەکان

**بەرنامەکە** ئامانجە ستراتیجیەکانمان سەبارەت بە کارپێدان (دامەزراندن) و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان ڕیز دەکات و ژمارەیەکی زۆر لە بەرنامەکانی ئەنجامدانی کاری پێویستی تێدایە بۆ دڵنیاییکردن لەوەی کە بتوانین ئەم ئامانجانەمان بەدیبهێنین. ئێمە لە ڕێگەی ڕاوێژکردن بە کارمەندانمان و کۆمەڵگا پەیوەندیدارەکانەوە، چالاکانە هەوڵ دەدەین پشتگیری لە ئەو کارنامانە بکەین و برەو پێبدەین کە کاریگەرییەکی چاکیان لەسەر مەسەلەی پەیوەندیە ڕەگەزیەکان هەیە.

## پەیوەندیکردن بە ئێمەوە

ئێمە دەزانین کە بەرنامەکەمان دەبێت بە جۆرێک بێت کە بتوانرێت بە پێی پێویست گۆڕانکاریی تێدا بکرێت و چاکتر بکرێت. لەبەر ئەوە ئێمە بە خۆشحاڵیەوە پێشوازی لە هەموو تێبینی و پێشنیارێک دەکەین. ئەگەر زانیاریی زیاترت دەربارەی بەرنامەکە بە شێوازەکانی تر یان زمانەکانی دەوێت، تکایە پەیوەندی بکە بە:

Kurdish

# بەرنامەی یەکسانیی ڕەگەزی: کورتەیەک

## سکاڵاکردن و زانیاریەکانی پەیوەندیکردن

**کۆمیسیۆنی یەکسانیی ڕەگەزی** (The Commission for Racial Equality-CRE)، ڕۆڵێکی دەسەڵاتداری هەیە. هەر کەسێک هەست بکات کە لە ئەنجامی کەموکوڕیی **دەزگای پۆلیسی کامبریجشەیەر** یان پابەندنەبوونی کارمەندەکانی بە **یاسای پەیوەندیە ڕەگەزیەکانی 2000** (**بە دەستکاریەوە**) ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر هەبووە، پێویستە یەکێک لە ئەمانە ئاگادار بکەنەوە: **سەرۆکی دەزگای هێزی پۆلیس** (Chief Constable – چییف کۆنستەبڵ)، **کۆمیسیۆنی سەربەخۆی سکاڵاکردنی پۆلیس** (Independent Police Complaints Commission) وە یاخود **کۆمیسیۆنی یەکسانیی ڕەگەزی** (CRE).

The Commission for Racial Equality
Elliot House
10 / 12 Allington Street
London
SW1E 5EH
**تەلەفۆن**: 0207 8287022
www.cre.gov.uk

Independent Police Complaints
Commission
90 High Holborn
London
WC1V 6BH
08453002002
**ئیمێڵ**: enquiries@ipcc.gsi.gov.uk